# بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەرپابوونی شەڕی پۆخڵی قەومی بگرین.

**شەمال عەلی**

ئەو هەواڵانەی کە لە کەرکوکەوە دێن زۆر ترسناکن. سەرەڕای پەلاماری تاڵانکارییانەی یەکێتیو پارتی و گسك لێدانی نەخشە بۆ کێشراو لە هەموو دامو دەزگاکانی ئەو شارە، مەترسی خولقانی شەڕی قەومی هەڕەشە لە ژیانی خەڵکی شار دەکات. هەموو کەرەستەکانی سیناریۆی ڕەش و دراوسێکوژی ئامادەیە. پاشماوەی سیاسەتەکانو دەزگا سەرکوتگەرییەکانی ڕژێم. ناسیۆنالیزمی کورد و فاشیزمی کوردی، دەستەو تاقمی نۆکەری تورکمانو سوپای داگیرکەری ئەمریکا، هەموویان لە مەڵاسدان بۆ خەڵکی کەرکوك. کەرکوك چەندە بۆنی نەوت هێندەش بۆنی خوێنی لێدێت.

کەرکوك شوێنەواری برینێکی گەورەو قووڵە، سیاسەتی شۆڤێنیستانەو سیستماتیکی ڕژێمی بەعس لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی قەڵەشتو کەلێنی قومی لە نێو دانیشتووانی ئەم شارە ٣٠ ساڵ زیاتری تەمەنە. شارێك کە شادەماری ئابووری عیراقی لێوە دەردەچێ تەئمین کردنی بۆ ڕژێم لە سەرکوت زیاتری پێویست بوو. چاندنی تۆوی دوژمنایەتی، باوەشێن کردنی ئیحساساتی دواکەوتووانەی نەتەوە پەرستیو دەستکاری کردنی پێکهاتی دیموگرافی ئەم شارە بە جۆرێك کە زەمینەی ئەم دوژمنایەتییە فەراهەم تر بێت ئەو ڕێگایە بوو کە بەعس بۆ دابڕدابڕکردنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی ئەم شارە بەکاری دەهێنا تاکو لەم ڕێگایەوە مەیلی ناڕەزایەتی تیادا لاواز بکاتو مەترسی گاورباغییەکی تر بۆ درێژماوە لە بەرۆکی سەرمایەداری عیراقو دەوڵەتەکەی دوور بخاتەوە. ئەم سیاسەتە قوربانی گرتو ئاوارەیی لێکەوتەوە، بەم سیاسەتە چەندین هەزار خێزانی کوردزمانو تورك زمانی ئەم شارە لە درێژەدان بە ژیان لە جێگایەك کە هەڵیانبژاردبوو مەحروم کردو دەربەدەری کردن. ئەمە زەمینەی بابەتی کێشەی کەرکوکە.

ناسیۆنالیزمی کورد باوەشی بۆ ئەم سیاسەتە کردۆتەوە، ئەگەر هێندەی بەعس نەبووبێت زۆر کەمتر لە بەعس سوودی لێوەرنەگرتووە. بەعس ناسیۆنالیزمی کوردی کرد بە خاوەنی قودسی خۆی. دەیان ساڵە کەرکوك ناونیشانی هەرە گەورەو زەقی دروشمەکانی ئەم جووڵانەوە لە پێشکەوتنو دنیای هاوچەرخ بێخەبەرەیە. دەسمایەیەکی بێعارەق بەدەستهاتووی ئەحزابێکە بۆ بەسیجی عاتیفیانەی خەڵکێك کە ئەگەر بە هۆشیاری بەرنامەی ئەو حیزبانە هەڵسەنگێنن هەر بە ئەندازەی بەعس اعتباریان بۆ دادەنێن. هێشتا چەکدارەکانی بەعس تەواو لە چاو وون نەبووبوون ئاشکرابوو کە کەرکوك قودسی کوردستان نەبوو، "کوێتی" کوردستان بوو. ئەو تاڵانکارییەی لە کەرکوك ئەنجامدرا بوو بە پەڵەیەکی ناشیرینی تر بە ناوچەوانی بزووتنەوەی کوردایەتییەوەو یەکێتیو پارتی لای خەڵکی کەرکوك ڕیسوا کرد. بەڵام هەر خودی ئەم ڕاستییە مەترسی سەرایڤۆ کردنی کەرکوك زیاتر دەکات. بۆ ئەوەی خەڵك جارێکی تر بە دەوری ئاڵای ئەم حیزبانەدا کۆبێتەوە دەبێ بتۆقێنرێ، شەڕی قەومی ئاسانترین ڕێگای ئەم تۆقاندنەیە. حیزبەکانی کوردایەتیو بە تایبەت یەکێتی بە نەخشەوە ئەم کارە دەکەن.

بە پێی ڕاپۆرتێك کە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە ١٣-٤ بڵاوی کردۆتەوە یەکێتی بە ڕێگای جۆراوجۆر هەڕەشە لە خێزانە عەرەبزمانەکانی ناوچەی حەویجە دەکات. بە پێی هەمان ڕاپۆرت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە جیگری فەرماندەی ئەو هێزەی یەکێتی کە لە داقوقە بە ئیعترافی خۆی بە ناوی یەکێتییەوە تەبلیغی نووسراوی کردۆتە سەر خێزانە عەرەبزمانەکانی ئەو ناوچەیە کە دەبێ لە ماوەی ٣ ڕۆژدا چۆڵی کەن. ئەگەرچی سەرانی یەکێتی حاشایان لەوە کردووە کە ئەو کارە بە ئاگاداری ئەوان کرابێت بەڵام هەر کەس تەصریحاتەکانی جلال تاڵەبانی ٦ مانگ لەمەوبەری لەبیر مابێت ( کە نووسەری ئەم دێڕانە لە کاتی خۆی ڕیسوای کردو ناوەرۆکی فاشیستانەو خەتەرناکی ئەو قسانەی ئاشکرا کرد) دەزانێ کە فلاّن کاکەیی سەربەخۆ کاری وای نەکردووەو شەش مانگە بۆ ئەم وەزیفەیە تەمرین دەکات.

وەك چۆن شەش مانگ لەمەوبەر ووتم ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو سیاسەتەی یەکێتیو شەخسی تاڵەبانی دەیبەنە پێشەوە خوێن دەپرژێنێ. ئەوە دەبێ ئاشکرا بێت کە ئەگەر بە هەر هۆیەکەوەو لەسەر هەر قازێکی بێچووی ئەوەی کەلارو هەر کۆنە دوکانێکی وەك ئەوەی قەڵادزی* شەڕ بقەومێ و ئەم جارەیان خوێنی کورد و عەرەب بە دەستی یەکتر لە ناو شاری کەرکوك بڕژێ، بەرپرسی یەکەم یەکێتی نیشتمانی کوردستانو شەخسی جەلال تاڵەبانییە.

بەلام ئەم شانۆی خوێنە "پاڵەوانی" گرگنیشی هەیە. دەستە وتاقمی سیخوڕی سەربە تورکیا، ئەوانەی خۆیان بە تورکمانەکانی کەرکوکەوە هەڵواسیوە، دەبێ وریا بنو یاری بە ئاگر نەکەن. دەبێ ئەوە بزانن کە سیاسەتی بوونە پرد بۆ تورکیاو پەلکێشکردنی بۆ کەرکوكو کوردستان بە هیچ بڕوبیانوویەكو پاساوێك داناپۆشرێو هەر ئێستا بۆ هەموو کەسێکی هۆشیار ئاشکرایە. نە مێژوو نە خەڵکی ئازادیخواز لە هیچ جۆرە کارێکی ئاشووبگێڕانەیان نابوورێت. ئەو دەستانەی کە ئێستا بە ڕەمزی فاشیستانەی

مەهەپەو گورگە بۆرەكان بەرزی دەكەنەوە** سبەینێ دەبێ لە دادگای شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئازادیخوازی كەركوك بە كوردزمانو توركزمانو عەرەبزمانەوە بە نیشانەی تەسلیم هەڵبڕن.

ئەو لیژنەیەی كە گوایا بۆ بەرگرتن بە كێشەكان دروست كراوە، ناتوانێ بەرگەی سادە ترین گرفتیش بگرێت. ئەمریكا كە لەو لیژنە چەند قۆڵیەیە ڕۆڵی سەرپەرشتیار دەبینێت لە عیراق نەوتەكەی لێ دەرچێ نرخ بۆ هیچ شتێك دانانێت. بە قەسفی كوێرانەی ٢٠ ڕۆژی عیراقو بە نیشاندانی بێباكی دوای شەڕ ئەوەیان مەعلوم كردووە كە بێنرخ ترین شتی عیراق لایان ئینسانەكانیەتی. ئەمریكا نەك هەر نایەوی كێشەكانی خەڵك چارەسەر بكات بەڵكو بەرژەوەندی هەرە گەورەی لەوەدایە كە تا دێت قووڵتر ببنەوەو تا مانەوەی درێژ ماوەتری تەئمین بكاتو نانی لێبخوات. هەر جۆرە خۆشخەیاڵیەیەك بەو لیژنەیە پەنجەی پەشیمانی گەستنی لەدوایە. خەڵك دەبێ خۆیان بێنە مەیدان.

میدیای جیهانیو عەرەبی كۆمبارسێكی حەقیری ئەم شانۆیەن. هەركەس یەك جار گوێی لە پەیامنێری ڕادیۆی لەندەن و تەلەفیزیۆنی جەزیرە بێت دەزانێ ئاشی ئەم میدیا نۆكەرو درۆزنە لە كوێ دەگەڕێت. ئاوا گوزارش دەدەن: (كوردەكان چوونە ناو كەركوكو موصڵەوە) ، (عەرەبەكان زۆر لە هاتنی كوردەكان نارەحەتنو دەڵێن ئەوان شارەكەیان تالانكرد و لەناو خۆیاندا پیش دەخۆنەوەو لەوانەیە تۆڵە بكەنەوە) . (كوردەكان لە موصلێ پەلاماری دامو دەزگاكانی دەوڵەتیان داو لەو پەلامارە ئاشكرا بوو كە ئەوان بە چ ڕقو كینەیەكەوە هاتوونەتە ناو شارەكەوە) . ندی عبدالصمدی پەیامنێری بیبیسی كە لەوانەیە نەك ناوی پارتیو یەكێتی بەڵكو ناوی منالی مەسئولەكانیشیان بزانێت بۆچی تاوانی تالانكردنی كەركوك و موصلێ بە ناوی هەموو كوردەوە تۆمار دەكات؟ پەیامنێری ئەلجەزیرە زۆر بۆی زەحمەتە ئاشكرای كات كام حیزب هەوڵی داوە بچێتە ناو تكریتەوە؟ بۆچی بە عصابات الاكراد ناویان دەبات؟ كاتێك لەگەڵ نوێنەرەكانی خەڵكی عەرەبزمان قسەدەكەن بۆ گوێگر مەعلوم دەبێت كە الشیخ فلان چەندە لە پەیامنێری شەهادە دارو ئەورووپا دیو ئارام ترو بابەتی تر دەدوێت. ئەم درۆنێرو دەزگا درۆنێرانە دەبێ ریسوا كرێن. خەڵكی كەركوك (بەكوردو توركمانو عەرەبەوە) بە گشتیو ئیلیتی ئەو شارە بە تایبەتی دەتوانن بە نووسینی نامەی كراوەی دەستە جەمعی درۆكانیان ئاشكرا بكەنو هەوڵی ڕەزیلانەیان بۆ دەستە بەندی كردنو عەشایری نیشاندانی كۆمەڵگای عیراق باوەشێن كردنی ئاگری شەڕی ماڵوێرانكەری قەومی پووچەڵ بكەنەوە.

بەرەنگار بوونەوەی هەلو مەرجی خەتەرناكی ئێستا ئەركی هەموو ئازادیخوازانە. بۆ ڕێگا گرتن لە قەومانی شەڕ لە كەركوك دەبێ دەستبەجێ ئەم هەنگاوانە هەڵبگیرێت:

١- هێزی چەكداری هەموو حیزبەكان دەست بەجێ شار بە جێ بهێڵن.

٢- هێزەكانی ئەمریكا كەركوك جێبهێڵنو لە جێگای ئەو هێزی پاراستنی ئاشتی یو ئێن ئەمنیەتی شاری كەركوك لە ئەستۆ بگرێت.

٣- چاڵە نوتەكانی كەركوك بخرێتە ژێر چاوەدێری یو ئێن و لیژنەیەك لە نوێنەرانی ڕاستوخۆ و ئازادانە هەڵبژێرراوی كرێكارانەوە.

٤- كۆمیتەی تایبەت لە نوێنەرانی خەڵكی ئاوارەی كەركوكو خەڵكی عەرەبزمانی شارەكە بۆ كۆنترۆڵكردنو چارەسەر كردنی كێشە ڕۆژانەییەكانی خەڵك دروست بكرێت.

٥- شورای كەرەكەكان پێك بێتو لە كۆبوونەوەی گشتی، خەڵك ئازادانە نوێنەری خۆیان بۆ ئیدارەكردنی گەڕەكو شار هەڵبژێرن.

٦- ئۆرگانە ئیدارییەكانی شار لە هەڵبژاردنێكی ئازادانەدا كە هەموو دانیشتووانی شار بەشداری تیادا بكەن دیاری بكرێت.

سەرەڕای ئەوەی خەڵك دەبێ هۆشیاری پیلانی پیلانگێڕان بن. كێشەی كەركوكو گەڕانەوەی ئاوارەكانی كەركوك كێشەیەكی واقعیەو دەبێ چارەسەر بكرێت. دەبێ پاشماوەی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعس بسڕێتەوە. ئاوارەكانی كەركوك چ بە هۆی ڕابردوویەك كە لەو شارە بوویانەو چ بە هۆی وەزعیەتێكی ئاوارەیی كە ئەحزابی دەسەلاتداری كوردستان هەرچییان لەدەست هاتووە كردوویانە بۆ درێژەكێشانیو بە بەردەقارەمان نشین كردنو معسكر سەلام نشینكردنیان هەمیشە لە چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ كەركوك ڕایانگرتوون، دەبێ كێشەكانیان و ژیانی هەڵواسراویان كۆتایی پێبێت.

بۆ چارەسەری ئینسانیو ڕیشەیی ئەم كێشەیە، بۆ ئەوەی لە جێگای قووڵكردنەوەی قەڵەشتو قینی قەومی، فەزایەكی تەندروستی پێكەو ژیان لە نێو خەڵكی شاردا پێك بێت دەبێ ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگیرێت:

١- مافی بێ ئەملاو ئەولای هەر دەرکراوێکی کەرکوکە کە بگەڕێتەوە یان نەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ژیانی خۆی. هەر جۆرە فشاردانانێك بۆ کاریگەری دانان لەسەر بڕیاری گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە قەدەغەیەو مەحکومە.

٢- دەرکردنی هەر خێزانێکی نیشتەجێی کەرکوك بە هەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیەو مەحکومە. مافی نیشتەجێ بوون لە کەرکوك نابێت پابەندی هیچ انتمایەکی قەومی و عرقی بێت.

٣- کەرکوك شارێکی کراوەیە وەك هەموو شارێکی تری کوردستان و عیراق مافی بەجێ هێشتن و نیشتەجێبوون تیایدا ئازادە بۆ هەموو کەس بێ لەبەرچاو گرتنی هیچ انتمایەکی قەومی و عرقی.

٤- هەموو ئەوانەی بە هۆی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعس لە موڵك و ماڵی خۆیان مەحروم کراون مافیانە بگەڕێنەوە سەر موڵك و ماڵی خۆیان و دەبێ زەرەرو زیانەکانیان لە لایەن حکومەتەوە قەرەبوو بکرێتەوە.

٥- گێڕانەوەی ملك و ماڵ و بژاردنی زەرەرو زیان دەبێ لە ڕێگای دادگاوە ئەنجام بدرێت. هەڵکوتانە سەر هەر ماڵێکی عەرەب و بە هەر بیانوویەکەوە بێت مەحکومەو دەبێ بەری پێ بگیرێت.

٦- دادگایەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانە پێك بێت.

٧- هەڵمەتێکی خانووبەرە دروستکردن لە ناوشاری کەرکوك بەڕێبخرێ و خانووی گونجاو بۆ هەموو کەس دەستەبەر بکرێت.

مافی سەکەن مافێکی سەرەتایی هەر ئینسانێکە.

دەبێ جووڵانەوەو حیزبە سیاسیەکان لە مەترسیەکانی کەوتنەوەی شەڕ لە ناو کەرکوك هۆشیار بن. کەرکوك دەتوانێ نموونەی سەرکەوتن یان دۆڕانی کۆمەڵگای مەدەنی و مەدەنیەت لە بەرامبەر ڕەوتی ناسیۆنالیستی و فاشیستی جۆربەجۆر لە عیراقدا بێت. با بە هانای کۆمەڵگاوە بچین، فریای مەدەنیەت بکەوین.

١٦-٠٤-٢٠٠٣

---

*ساڵی ٩٤ دوو کێشەی بچکۆلە لە کەلارو قەڵادزێ شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆی هەڵگیرسان، یەکێکیان لەسەر قازێك بوو لە کەلارو ئەوی تریان لەسەر چەند دووکان بوو لە قەڵادزێ.

** ئەفرادی میلیشیا تورکمانەکان لە کەرکوك کوژرانی تراجیدیانەی مناڵێکی ٧ ساڵیان ڕۆژی ١٣ی مانگ استغلال کردووە بۆ بەڕێخستنی خۆپیشاندانێك تیایدا دەستیان بە ئاماژەی گورگ کە سیمبولی حیزبی مەهەپەی پانتورکیستی فاشیستی تورکیایە بەرز کردۆتەوەو داوای هاتنی سوپای تورکیایان کردووە.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.